ئاپیا والا
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٨)
نیسانی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم



# مارکسیزم و پرۆلیتاریا

**نوسینی: رۆزا لۆکسمبۆرگ**
**لەئینگلیزییەوە: لیدا ئیبراهیم**

ئەم بابەتە لەبیستەمین ساڵیادی مردنی کارل مارکسدا لەساڵی (١٩٠٣)دا پێشکەشکراوە.

ئەنگلس لەنوسینەکەیدا دەربارەی فیورباخ فۆرمەلەی ناوەرۆکی فەلسەفەی کردوە وەك هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بێ کۆتاییانەی هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان بوون و بیرکردنەوە و، کێشەی ئاگای مرۆڤ لەجیهانی ماتریاڵیدا، ئەگەر چەمکەکانی (concepts) بوون و بیرکردنەوە لەجیهانی ئەبستراکی سروشت و تێروانینی تاکەکانەوە بگوازێنەوە، لەبازنەی فەیلەسوفە شارەزاکانەوە بۆ بازنەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوکات دەتوانرێ هەمانشت بوترێ دەربارەی سۆشیالیزم کەئەنگلس وتویەتی لەرونکردنەوەکانی دەربارەی فەلسەفە، لەکۆنەوە خەڵکی بەدوای سۆسیالیزمدا گەراون و ویستویانە رێگاکانی، یاخود هۆکارەکانی گونجاندنی بوون لەگەڵ بیرکردنەوەدا بزانن، واتە بەشێوەیەك لەشێوەکان ویستویانە شێوەی مێژووی ژیان لەگەڵ ئاگایی کۆمەڵایەتی بگونجێنن.

مارکس و ئەنگلسی هاورێی بریارندا بوو ئەو کێشەیە چارسەربکەن، ئەوەبوو چەند سەدەیەك مێشکی و مرۆڤەکانیان هیلاك کردبوو، مارکس ئاشکرای کرد کەمێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی پێشوو بریتیبووە لەروونکردنەوەی مێژووی پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنان دابەشکردن، گەشەکردنی ئەم پەیوەندییانە لەژێر مانیفسێتی خاوەندارێتی تایبەتی دەزگایەکی سیاسی و بازنەیەکی کۆمەڵایەتی بووە، کەبەردەوام لەململانێدا بوون، بۆیەمارکس ئەوەی ئاشکرا کرد کەگرنگترین شت لەم مێژووەدا هێزە، لەهەمانکاتدا ئەوەشی ئاشکراکرد کەبەشێکی نەگونجاندنی کۆمەڵگەکان لەگەڵ یەکتردا و مەسەلەی ئاگایی و بوون، ئارەزووی مرۆڤەکان و واقعی کۆمەڵگە لەنێوان مەبەست بەئەنجام گەیشتن.

بۆیە دەبێت لەم رێگەیەدا هەمووان سوپاسی مارکس بکەین کەبۆ یەکەمجار نهێنی گەشەی کۆمەڵایەتی فێرکردین، لەسەر و ئەمەشەوە یاساکانی گەشەی سەرمایەداری چۆن کۆمەڵگە دەجولێنی و رێگەکانی درێژ دەبنەوە و لەقۆناغەکانی خود ئاگاریدا، چونکە دروستکردن بونیاندنانی مێژوو لەلایەن مرۆڤەوە وەك دروستکردنی شانەکان لەلایەن هەنگەوە وایە، بۆ گەیشتن بەقۆناغێکی مێژوویی کەتێدا مرۆڤ تێدا داهێنەر و لێهاتوو بێت، ئیرادەی کۆمەڵگە و راستییە



کۆمەڵایەتیەکان بەتەواوەتی پێکەوە گونجاوبن، کەگەیشتینە ئەم قۆناغە چالاکی مرۆڤەکان ئەوە بەرهەم دەهێنێ کەدەیانەوێ.

بەلێکدانەوەی ئەنگلس (بازدان لەجەنگەڵەوە بۆ ئازادی مرۆڤەکان) ئەم کۆتاییە بەدەستهاتوە بۆ هەموو کۆمەڵگە، بەڵام تەنها لەگەڵ سۆسیالیستەکان ئەم ئەنجامە ئاوەژوو دەبێتەوە، بۆیە ئەم ئەنجامە بەدەستهاتوە لەچوارچێوەی پرۆگرامی سیاسی سۆسیال دیموکراتەکاندایە.

مارکس ئەوە روونەدەکاتەوە کەئەمرۆ پارتی کرێکاران «لەروانگەی مێژوو» وە تاکە پارتێکە کەبزانێت چی دەکات، چونکە ئەوەی

دەیەوێ بیکات، دەرخستن و پەیرەوکردنی توانای نهێنی سۆسیال دیموکراتیە، هەر ئەمەش ناوی (ئەو شۆڕشەیەکە مارکس کردویەتی).

جیهانی بۆرژوازی بەشێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش و نائاسایی گەشەیکردوە و ماوەتەوە، سۆسیال دیموکراتی لەئێستاو داهاتوودا عەقڵی گۆشەگیر و بیری ناکامڵ و سادە دەدۆزێتەوە لەبەرامبەر ئەو سەرکەوتنە سیاسییە چاوەڕواننەکراوەی ئێمەدا دایدەنێت و دەبینێ کوێربووە، ڕاسپاردەی بۆرژوازییەکان بۆ ئێمە نمونەیەکە، کەیارمەتیمان دەدات بۆ ئەزمونەکردنی دانایی ئاڵۆز و ئایدیالیزمی سۆشیال دیموکراسی ئەوان ناتوانان لەتێگەیشتن لەسەرچاوەی ژیان و توانایەك کەوایان لێبکات، کەگەنج بن، بۆیە گەشەکردنی چینی کرێکار بۆ پارتە بۆرژوازییەکان بوو بەژەهرێکی نەبراوە.

لەڕاستیدا ئەوەی هێزێکی مەعنەوی بەئێمە دەدا، کەئازاریانە بەخۆشیەوە هەوڵی ئازادکردنی خۆمان بدەین لەو سەرکوتکردنانە دلڕەقانە، وەك ئەو یاسا بیست ساڵییەی دژ بەسۆسیالیستەکان پەیرەوکرا، ئایا ئەم عینادییەی هەژارەکان بۆ کەمێك باشترکردنی ژیانی مادیانە پرۆلیتارێکی تازەی خاوەن دوکانێك نییە، یان بۆرژاویەکی بچوك نییە، کەئاما دەبێت ببێت بە بەتەڵ (Hero) لەپێناوی خۆشیەکی کەمدا.

یەکێتیە کارگەرییە ئینگلیزییەکان ئایادیایەك و هۆشیارییەکی ئەوتۆیان نییە لەبەرزکردنەوەی هێزی مەعنەوی لەنێوان خودی پرۆلیتارییەکاندا.

ئایائەمزوهودزاهیدانەی کەکۆمەڵێك لەمەسیحەکانی سەرەتا دەیانکرد زوهێدیك کەدەردەوشێتەوە و ڕووناکییەکەی زیاددەکات، ئەگەرچی زوڵمیش لەبەرامبەریدا زیاد دەکات! پرۆلیتاریای مۆدێرن وەك میراتگرەوەیەکی کۆمەڵگەی بۆرژوازی زۆر دورە لەدایکبوونێکی مادەگەراییەوە و دورە لەبوونەوەرێك کەلەگۆشت و تەندروستییەکی باش پێکهاتبێ، بەڵکو توانای دەربرینی هێز و دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکەی هەیە، وەك پشت بەیەك بەستن لەکاتی ناخۆشیدا، یان ئایا لەکۆتاییدا (دادپەوەری) بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێت، کەئێمە بەردەوام شەڕ بکەین و وابکات لەناکۆك بین، مەسەلەی چارتستەکان و شوێن کەوتوانی ڤیلهیلم وەیتلین (Weitling) مەسەلەی فکرەی سۆسیالیستی میسالی هیچ (داد) ێکی کەمتر نییە لەمەسەلەکەی ئێمە، بۆیە بەمجۆرە هەموو ئەم فکرانە دژی بەربەستەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنن، ئەگەر بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکانی دوژمنانمانەوە جوڵەی کارگەری مۆدێرن، بەرەوپێش بەرین و تێگەیشتنی یاساییمان بۆی هەبێت، ئەوا گەشەیەکی مێژووی بابەتیانە بەدیدەهێنن، ئەو کات(کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەگەڵ دڵنیایی بوونی پرۆسەیەکی سرۆشتی نەرێنی خۆی دورستدەکات، واتە بێ دەسەڵاتی دەسەڵاتدارەکان، سۆسیالیستە هەڵگەراوەکان، لەمەدا تێگەیشتنی یەکێتی کارگەران هەڵدەگەرێنێتەوە، ئەمەش گرەنتی تەواو دادەنێ بۆ کۆتا سەرکەوتن لەهەمان سەرچاوە، نەك تەنها توانای بەرەنگاربوونەوەی، بەڵکو ئارامگریش دەنەخشێنێ و، پاڵنەری توانایی وەستان و قوربانی دانیش زیاد دەکات.

**سەرچاوە:**

Rosa Luxembung، Marxist and the Proletariat، یەکەم بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە یەکەمجار لەبەرلین لە (١٩٠٣/٣/١٤) یەکێك لەسەرچاوەکانی ئەم بابەتە کتێبی.

On the twentieth Anniversary of (Marxs Death ) (لەبیستەمین ساڵیادی مردنی مارکسدا)

ئایدیا
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٨)
نیسانی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم